# یاسای زمانە فەرمییەکان[1]
# ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٤

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: پ.ی.د.نەریمان خۆشناو**

**بە ناوی خودا**

**سەرۆکایەتی کۆمار**

بەپێی ئەو بڕیارەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسندکرا و لەسەر بنەماکانی بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٦١)ی دەستوور و لەبەر تێپەڕبوونی ئەو ماوە یاساییەی، کە لە بەندی (سێیەم)ی ماددەی (٧٣)ی دەستووردا هاتووە، ئەم یاسایە دەرکرا:

**ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤**

**یاسای**
**زمانە فەرمییەکان**

**ماددەی(١)/**

**یەکەم**: زمانی فەرمی ئەو زمانەیە، کە دەوڵەت لە ئاخاوتن و دەربڕین و نووسراوی فەرمی و دراو و پوول و بەڵگەنامە فەرمییەکاندا بەکاری دەهێنێت، ئەویش لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا و لە هەموو بوارەکاندا.

**دووەم**: زمانی فەرمی خۆجێیی، ئەو زمانەیە کە بەکارهێنانی فەرمێتی بۆ زمانەکە لەو یەکە کارگێڕییانەدا دەبێت، کە قسەپێکەرانی زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**ماددەی**(٢)/ ئامانجی ئەم یاسایە بریتین لە:
**یەکەم**: دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە دەستوور و کاراکردنی، ئەویش بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا.
**دووەم**: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانیی، لەپێناو نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق و قووڵکردنەوە و پتەوکردنی چەمکە مرۆیی و نیشتمانییەکان.
**سێیەم**: بەجێهێنانی گیانی شانازیکردن بە زمانی دایک.
**چوارەم**: دابینکردنی یەکسانی لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردی لە ماف و دەستکەوتەکاندا، ئەویش لە بەکارهێنانیان لە دەزگاکانی حکوومەتی فیدراڵی.
**پێنجەم**: پشتگیریکردن و پێشخستنی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و زمانەکانی دی، کە لە عێراقدا بەکاردەهێنرێن، وەکو زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابیئەی مەندائی.
**ماددەی**(٣)/ زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە عێراقدا زمانی فەرمین.
**ماددەی**(٤)/ دەبێ ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەربچێت.
**ماددەی**(٥)/ دەبێ زمانەکانی عەرەبی و کوردی لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و لە ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی فیدراڵی و ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و دەستەکان و دەزگاکانی دیکەی سەر بە حکوومەتی فیدراڵی و کۆبوونەوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پەرلەمان و سەرۆکایەتی و حکوومەتیشەوە بەکاربهێنرێت.
**ماددەی**(٦)/ دەبێ قسەکردن و نووسراوی فەرمی و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بن.
**ماددەی**(٧)/ دەبێ بەڵگەنامە و نووسراوەکان بە هەردوو زمانە فەرمییەکەی دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێم بنووسرێن.
**ماددەی**(٨)/ دەشێ قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکان بکرێتەوە بە وتنەوەی وانەکان بە زمانی عەرەبی، یان کوردی، یان تورکمانی، یان سریانی، یان ئەرمەنی لە هەموو دەزگا فێرخوازییەکانی حکوومەت، یان بە هەر زمانێکی دی لە دەزگا فێرخوازییە تایبەتەکاندا، ئەویش بە گوێرەی ئەو ڕێکارییانەی لە بواری پەروەردەدا کاریان پێدەکرێت.
**ماددەی**(٩)/ هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەم بوارانەدا بەکاردەهێنرێن:
**یەکەم**: دەرکردنی دراو.

**دووەم:** دەرکردنــی پاســپۆرت و تابلۆکــانی هــاتوچۆ و تابلۆکــانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** دەرکردنی پولی تایبەت بە دراو و پۆستە.

**مـاددەی**(١٠)/ زمـانی تورکمـانی و زمـانی سـریانی بـە زمـانی فـەرمی هـەژمار دەکرێن، لەو یەکە کارگێڕییانەی کە تورکمانەکان، یان سریانەکان تێیدا زۆرینەی چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**مـاددەی**(١١)/ هـەر هـەرێمێک، یـان پارێزگایـەک، بـۆی هەیـە هـەر زمـانێکی دی نـاوخۆیی(خۆجێی)، بکاتـە زمـانێکی فـەرمی بـۆ خـۆی، ئـەویش گـەر بێتـو زۆرینـەی دانیشتوانەکەی بە ڕاپرسی بڕیاری لەسەر بدەن.

**ماددەی**(١٢)/ **یەکەم:** هەر هاووڵاتییەکی عێراقی، یان بیانی بۆیـان هەیـە منداڵـەکانی خۆیان بە زمانی دایک فێربکەن.

**دووەم:** هــەر پێکهاتەیــەکی عێراقــی مــافی ئــەوەی هەیــە زانکــۆ و پەیمانگــە و سەنتەری ڕۆشنبیری، یان کۆڕی زانیاریی بـۆ خـۆی دابمـەزرێنێت، بـۆ پێشخسـتنی زمان و ڕۆشنبیری و کولتووری تایبەت بە خۆی.

**مـاددەی**(١٣)/ کـۆڕی زانیـاریی عێـراق و ئـەکادیمیای کـوردی هـەردووکیان بـە سـەرچاوەی بـاوەڕپێکراو هـەژمار دەکرێت، بۆ شـرۆڤەکردنی زاراوە و وشـەکان، ئەویش لەکاتی دروستبوونی جیاوازی لەنێوانیاندا.

**ماددەی**(١٤)/ هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەم یاسـایە بجووڵێتـەوە، بـەم شـێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

**یەکەم:** ئەگەر فەرمانبەر بێت، سزا ڕێکارییەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:** هـــاووڵاتی نافەرمانبـــەر ئاگادارکردنـــەوەی ئاراســـتە دەکرێـــت، کـــە سـەرپێچییەکەی لـە مـاوەی (١٥) ڕۆژدا لابرێت، لـەکاتی گوێڕایـەڵی نەکردنیشـی، سـزای پـێ بژاردنـی لەسـەر جێبـەجێ دەکرێت، بـە مـەرجێک لـە بـڕی (٥٠) هـەزار دینـار بەرانبـەر هــەر ڕۆژێـک کـەمتر نـەبێت، کـە لـە لابردنـی سـەرپێچییەکەی دواکەوتبێت.

**سێیەم:** هـەر زیانلێکـەوتوویێک مـافی جووڵانـدنی سکاڵای سـزایی هەیـە، ئـەویش لەکاتی سەرپێچیکردنی بەندەکانی ئەم یاسایە.

**مـاددەی**(١٥)/ لیژنەیـەکی بـاڵا دادەمـەزرێنرێت بـۆ بـەدواداچوون و جێبـەجێکردنی ئــەم یاســایە، کــە بــە ئەنجوومــەنی وەزیــران دەبەســترێتەوە و نوێنــەرێک لــە ئەمینداریێتی گشتی ئەنجوومـەنی وەزیرانـەوە سـەرۆکایەتی دەکات و نوێنـەرێک لـە حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و نوێنـەرێک لـە ئەمینداریێتی گشـتی ئەنجوومـەنی

وەزیـران دەبنـە ئەنـدام و لیژنەیـەکی تایبـەتیش لـە زمانـەوانان و ئـەکادیمیان و نوێنـەرانی تورکمـان و سـریان و ئەرمـەن و مەندائییـەکان بـۆ هاریکاریکردنیـان پێکدەهێنرێت، بۆشـی هەیـە نوێنـەرێکی دیکـە بـۆ هـەر زمـانێکی دیکـەی عێراقـی بـە ئەندام وەربگرێت.

**ماددەی**(١٦)/ ئەرک و ڕێژەی بەستنی ئەو لیژنەیـەی، کـە لـە مـاددەی (١٥)ی ئـەم یاسـایەدا هـاتووە، بـە چەنـد ڕێنماییـەک دەستنیشـان دەکرێـت، کـە سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەریاندەکات.

**ماددەی**(١٧)/ ئەنجوومەنی وەزیـران بـۆی هەیـە ڕێنمـایی تایبـەت بـۆ ئاسـانکردنی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی**(١٨)/ ئەم یاسایە لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی بڵاودەکرێتـەوە و دوای (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی پێویستبوونی ئەم یاسایە**

بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٤)ی دەستوور و ڕێزگرتن لە فرەیی نەتـەوەیی، یـان زمانیی لە عێراق و جەختکردنەوە لەسەر پتەوکردنی ڕەهەندی مرۆیی ژیاریی لـەم سەردەمە نوێیەدا، هەروەها وەک هاوئاهـەنگی و گونجانـدنێک لەگـەڵ ڕێنماییـەکانی ئـاینی ئیسـلام، کـە جـەخت لەسـەر ڕێزگـرتن لـە جیـاوازی زمانـەکان دەکەنـەوە، هەروەها لەپێناو توانایی پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆماری عێراق لـە گوزارشـتکردن بەشـێوەیەکی ئـازاد و سەربەسـت لـە پێویسـتی و پێداویسـتییەکانی زمانـە ڕەسەنەکانی خۆیان، ئەم یاسایە داڕێژراوە.

**١ـ ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی(الوقائع العراقیة)، ژمـارە(٤٣١١)، ٢٤ی شوباتی ٢٠١٤، ل ١ ـ ٤ بڵاوکراوەتەوە.**